# سودانی فەرمانی کرد پرۆژەکانی تیمی هەوەی خزمەتگوزاری لەشارچکەی سادق لەبەسرە فراوانتر بکرێت

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە، فەرمانی کرد پرۆژەکانی تیمی هەوەی خزمەتگوزاری لەشارچکەی سادق لەپارێزگای بەسرە فراوانتر بکرێت.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە" سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە پێشوازی کرد لە شاندێکی خێکی قەزای سادق لە پارێزگای بەسرە.

وتیشیە"سودانی گوێی لە پێشکێشکردنێکی گشتگیر گرت کە شاندەکە پێشکێشی کرد، سەبارەت بە دۆخی خزمەتگوزاری و گوزەران و کێشە و گرفتی هاوولاتیان لە قەزاکە، و دیارترین ئەو دەسیانەی کە قەزاکە پێویستی پێیەتی و خواستی ڕەکانی لە ئەدای دەزگا خزمەتگوزارییەکان.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەپێی ڕاگەیەندراوەکە فەرمانی کرد کاری تیمی هەوەی خزمەتگوزاری و ئەندازیاری لەپرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا فراوانتر بکرێت، لەپێناو بەرژەوەندییەکانی قەزاکە، ئەمەش پاش ئاشکراکردنی پێداویستییەکان و ژێرخان بگوەڕێی گرنگییەکان، بەتایبەتی لەووی خزمەتگوزارییە

پەیوەستەکانەوە کە قەزای سادق پەیوەستی پێیەتی.

لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی هەردوو کەرتی تەندروستی و پەروەردەوە، بەڕێزیان فەرمانی ناردنی شاندێکی کرد بۆ قەزاکە کە لە بەڕێزان هەردوو بریکاری وەزارتی تەندروستی و پەروەردە پێکبێت، بۆ دەستنیشانکردنی پێداویستییە بەپێلەکانی قەزاکە لەگەڵ بنکەی تەندروستی و بینای قوتابخانەکانەوە، هەروەها بەدواداچوون بکرێت بۆ دامەزراندنی گەنجانی قەزاکە لەو کەمپانیا نەوتیانەی کە لە پارێزگاکەدا کاردەکەن.